باڤە تاڵەبانی وباڵیۆزی ئیتاڵیا دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

باڤە جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر پێشوازی لە نیکۆلە فەنتانا باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عیراق کرد.

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی سەرۆک یەکێتی لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە باویکردەوە لە دیدارەکەدا دوایین پێشهات و گۆڕانکارییەکانی هەرێمی کوردستان، عیراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا.

سەرۆک باڤە جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند: بە کاری پێکەوەیی لەم قۆناغەدا دەتوانین زاڵبین بەسەر ئاستەنگەکان و خزمەتی خەڵکەکەمان باشتر بکەین.

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا بە تایبەتی لە بواری وەبەرهێنان تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.